REWAN U
ڕێوان

له لاپەڕە ٤-٥ بابەتی تایبەت بە توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان
لە شارەکانی هەولێرو دهۆک و قەزای سۆران دەخوێنیتەوە

ڕۆژنامەیەکی روناکبیری سەربەخۆیە
سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

١ی کانونی یەکەم ٢٠٠٦ | ژمارە (١٣٨) ساڵی شەشەم | نرخی (٢٥٠) دینارە

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center




## سێ پەپولەی بیرنەکراو

سێ کچەکەی بنەماڵەی میرابال، پاتریا منرو، ماریا تێرێزا لەساڵەکانی ١٩٢٤تا١٩٣٥لەدەڤەرێکدا کە ئەمڕۆ پێی دەوتریت کۆماری دۆمینیکان، لەپارێزگای سیباس لەدایك بوون، هەرسێکیان ناوەندیان تەواو کردوە، ئەم سێ‌خوشکە هاوسەرەکانیان خەباتیان دەکر دژ بە رژێمی دکتاتۆری تراجیلۆ، سەرەرای هەموو ئازارو زیندانو راوەدونانێکی بەردەوام درێژەیان بەخەبات دا دژ بەدکتاتۆریەت.

ساڵی ١٩٦٠پاتریا بەرپرسیارێتی دانیشتنێکی بەئەستۆوە بوو کە لەئاکامداو لەمانگی یولیوی ئەو ساڵەدا بزاڤی خەباتی نهێنی پێکهێنا، لەوکاتەوە بەردەوام ئەم خوشکانەو هەموو جەماوەر کەوتنە بەر گوشاری دکتاتۆریەت، لە٢٥نۆڤەمبەردا کاتێك خوشکانی میرابال بەرەو زیندان دەچون، بۆ چاوپێکەوتنی هاوسەرەکانیان لەڕوداوێکی ئوتومۆبێلدا کوژران، ئەم روداوە بوە هۆی کڵپەکردنی خەبات دژ بەتراجیلۆ کە پاش ساڵێك روخاو خوشکانی میرابال بە(پەپولە بیرنەکراوەکان) ناوزەندکرانو بوون بەسیمبولی خەباتی نەتەوایەتی بەتایبەت بۆ ئافرەتانی دۆمینیکان.

## پارلەمان یاسای باری کەسێتی هەموار دەکات

٤٥ ئەندام پارلەمان پرۆژەی هەمواركردنی چەند مادەیەکی یاسایی لەپێناوبەرگرتن لە مارەکردنی کچی منداڵ، گەڵاڵە دەکات.

ڕۆژی ٢شەممە ٢٠٠٦/١١/٢٧ پڕۆژەی هەموارکردنی چەند مادەیەکی یاسایی بە مەبەستی قەدەغەکردنی مارەبڕینی کچی منداڵ لەلایەن ٤٥ ئەندام پارلەمانەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پارلەمان کرا.

سارا فەقێ خدری پارلەمانتار بە (ڕێوان)ی ڕاگەیاند "لیژنەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتانو ژنانی نێو پارلەمان پێیان باش بووە پرۆژەیەکی هەموارکردنی سەرتاسەری یاسای باری کەسێتی پێشکەش بە پارلەمان بکرێت".

سارا ئاشکرای کرد کە ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٢٩ لیژنەی ناوبراو کۆبوونەوەیەکی فراوانی سازداوە بە مەبەستی کارکردن بۆ بۆ هەموارکردنی یاساکانی باری کەسیو ڕایگەیاند "بەسوود وەرگرتن لە پڕۆژەی ڕێکخراوو کەسایەتیە جیاوازەکان پرۆژەیەکی پوختی هەموارکردنی یاسای باری کەسیی ئامادە دەکرێتو هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بریار درا ڕۆژی ١٢/١٧ کۆبوونەوەیەکی تر ئەنجام بدات".

## له رانیه ژنێک دەکوژرێت کە پێشتر کرِدراوەتەوە

بە قسەی کوڕەکەی دایکی چووە بۆ پرسە، بەڵام ناگەرێتەوەو پاشان تەرمەکەی لە لایەن پۆلیسەوە دەدۆزرێتەوەوە.

رۆژی ١١/٢٦ شوانێك پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە ،کە تەرمی ژنێك فرێدراوەو پۆلیسش دەستبەجێ تەرمەکە رەوانەی پزیشکی دادوەری لە سلێمانی دەکات .

لە بەدواداچونە سەرەتاییەکانی پۆلیس دا دەردەکەوێت کە تەرمەکە ژنێکی لە دایکبوی ساڵی ١٩٦٨ بە ناوی (ا،ع) شوی کردوە و خاوەن منداڵە و هاوسەرەکەی لە دایکبوی (١٩٥٤)ە.

سەرچاوەیەك کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات ووتی "ئەو ئافرەتە لە منداڵیدا گەورە بە کچکەی پێکراوەو هاوسەرەکەی کڕیویەتیەوە".

بە پێی راپۆرتەکەی پۆلیس ژنەکە بە فیشەك کوژراوەو هۆکاری کوشتنەکەی نەزانراوە. سەرچاوەیەك لە ئۆفیسی رانیەوە رایگەیاند "هێنان و بردنی ئەوراقی ئەو ژنە کوژراوە، لە نێوان چەند بنکەیەکی پۆلیس دا وای کرد زانیاری تەواومان دەست نەکەوێت ئەوندە هەیە کوڕەکەی ووتویە چوە بۆ پرسە بەڵام نەهاتۆتەوە".

## لە کوردستان ڕۆژی دایک دیاری دەکرێت

لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانو ئافرەتان، لە نوسراوێکدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پارلەمانی کردووە داوای کارپێکردنی بڕیاری ٤٨ دەکات. کە تایبەتە بە ڕۆژی دایكو ئاڵای کوردستان.

ئەم بڕیارە پێشتر ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٦/١٩ ڕایگەیاندووە کە بە پێی بڕیارەکە ڕۆژێك تەرخانکراوە بۆ دایكو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کە ڕۆژی ١٢/١٧یە.

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەك لە پارلەمانی هەرێمی کوردستانەوە "لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانو ئافرەتان لە نامەیەکدا کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پارلەمان کراوە داوایکردووە بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی ١٢/١٧ کە تایبەتە بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستانو دایك کاری پێبکرێت لە دامودەزگاکانی حکومەتداو لە ڕاگەیاندنەکاندا ئاماژەی پێبدرێت".